# جەمال تاهیر

# مامۆستاو بەڕێوەبەری خوێندنگای

# ڕێکخستنەکان بوو

هەرەس کارەساتێکی گەورە بوو, لە مێژووی شۆڕش‌و خەباتی گەلی کوردا, کۆستێکی زۆر دڵتەزێن بوو لەگیان‌و هەست‌و دڵ‌و دەروونی هەموو رۆڵەکانی گەلەکەماندا, رۆژگارێکی رەشی خستە بەردەم ئاواتەکانمان‌و شەوەزەنگێکی بێئومێدی هێنایە بەردەم ئاسۆی ئازادی‌و رزگاری‌و رەنجەڕۆییەکی بێ ویژدانانەی دایە دەست چارەنووسی خەبات‌و ماندوبوونی هەزارەها پێشمەرگەو شەهید, غەم‌و پەژارەی گەلی هەژارو ستەمدیدەی کورد, لەچەند ساتە وەختێکدا ئاسمان‌و زەوی کوردستان دوکەڵی هەناسە ساردی دایگرت‌و لەبێورەیی‌و خۆبەدەستەوە دان بە دوژمن بەولاوە, هیچ ڕێگایەکی تر نەمایەوە, لەم کاتە هەرەناهەموارو سەختەی ژیانی گەلی کوردا‌و لەگەڵ ئەم بارە نالەبارەشدا, رژێمی داگیرکەر بەزەمینەیەکی لەبارو بەگیان‌و بەرنامەیەکی پڕ لەتۆڵەوەو بەسازدانی هەموو دامو دەزگا داپلۆسێنەرەکانی هەنگاوی بەکرداری نامرۆڤانەو رەگەزپەرستانەی بۆ رەخسا بۆ کوردستان, بەمەبەستی بەئەنجامگەیاندنی پلان‌و نەخشە درندانەو پاکتاوەرەگەزیەکەی لەسیاسەتە سێکوچکەییەکەی (بەعەرەب کردن‌و بەبەعس کردن‌و راگواستن)ی کوردستان ئەوەی پاڵەوان‌و پایەی لەبن نەهاتووی هەڵسانەوەی مەیدانی ئەم هەرەسە پڕ لەکوێرەوەرییەی تێکڕای جەماوەری گەلی کوردمان بوون, لەناوخاکی کوردستاندا, چەند کەسانێکی دیاری بەورەو بەتوانا بوون کەلەسەرو هەموویانەوە, شەهیدی سەرکردە مامۆستا جەمال تاهیر-ی خاوەن وزەو بەهرەو بەسۆزی خۆشەویستی جەماوەری کورد بوو, کەبەڕاستی و بێدڵەراوکێ‌و بێ سڵکردنەوە, لەیەکەم رۆژی دوای هەرەسەوە, زۆر بوێرانە چاکی خەباتی بێوچانی بەمەیدانی‌و بەکردار لێکرد بەلاداو بەدروشمی خەباتی درێژخایەن‌و ماندوونەناسانەو بەقەبارەی ورەی هەموو کێوەکانی کوردستان, جاڕی دامەزراندنی ڕێکخستنێکی نوێیدا بەگوێی هەموو تینوانی ئازادیی گەلی کوردا داو هەر زوو بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە, خوێندنگەیەکی پڕ لە ئەزموون‌و بەرنامەی شۆڕشگێڕیی پێك هێنا کە هەر خۆی مامۆستاو لەهەمان کاتدا بەڕێوەبەری وانەکانی زانیاری‌و قاڵبوون‌و جۆشدان بوو بۆ پێویستی هەریەکەی لەقۆناغەکانی شۆڕشی نوێخوازو گیانی بەرگری دروست بوون, بەرامبەر هەرجەورو پلان‌و ئامێرەکانی دامودەزگا جۆراوجۆرەکانی دوژمنانی, لە داگیرکەرانی کوردستان, شەهیدی سەرکردە ئەوەندە بەهەست‌و گیانێکی پڕ لەدڵسۆزی‌و لێپرسینەوەوە کاری ئەکرد کەناومال‌و ئەندامانی خێزانەکەی لەهاوسەرو منال‌و براو کەس‌وکاریەوە, سەرقاڵ بوون پێوەی‌و بەتایبەتی مالی خۆی کردبوو بەجێگای پەیوەندی‌و سەردانی ئەندامانی بەرپرس‌و دوای جاڕدانی شۆڕش لەساڵی 1976دا, مامۆستا جەمال خاوەنی ئەزموون‌و بناغەیەکی گەورەو پتەوی ئامادەکراوی ئۆرگانەکانی ڕێکخستنی لەبارو گونجاوو ئامادە بوو, بۆیە بەشداریی لەوشۆڕشە نوێخوازییەی گەلەکەماندا کرد لەو سات‌و کاتە پڕ لەمەترسییەی دوژمنی بەدەسەڵات‌و بەتوانا, لەهەموو ڕوویەکەوە, لەناوکەس‌وکارو براکانیدا لەپێش هەموویانەوە کاك کەمال تاهیر-ی برا بچووکیان بوو بەتەمەن, بەڵام بەتواناو لێهاتوویی لەوکاتەدا لەپێش هەموویانەوە بەمال‌و خێزانەوە هاوکاریی مامۆستا جەمالی برای ئەکرد, لەکاتێکدا تازە خێزانی دروستکردبوو لەخانووی کرێدا بوو, لە گەڕەکی پیرمەسوور زۆرجار کۆبوونەوەمان لەوێ

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

ئەکرد کە بەھارخانی خێزانی, زۆربەگەرمی پێشوازیی لێ ئەکردین, ئێمەش لەگەڵ کاک سەلیم سەرسپیو کاک کەمال, هەڤاڵی سەرکردە سەرپەرشتی ئەکردینو هەریەکەمان بەرپرسی هێلێك بووین, سەیر لەوەدا بوو, هەموومان بەخێزانی یەکترمان ئەناسی, تەنانەت بەناوی خۆمانەوەو لەگەڵ ئەوەشدا کە مامۆستا جەمال نهێنییەکەی (سەرکەوت) بوو, ئێمە هەربەناوی دیاری خۆی قسەمان لەگەڵ ئەکردو کەسوکاریشمان ئەیناسی ئەوەندە باوەڕمان بەیەکتر بوو, لەکاتێکدا بەدری خانی خێزانی مامۆستا جەماڵو منداڵەکانیش ئەیناسین, بەڵام هاوبیریو ڕاستیو خۆشەویستی بەرنامەکەمانو بەدڵسۆزی پەروەردەکردنو سەرپەرشتی کردنی هەڤاڵی سەرکردەمان, بەجۆرێك ڕایهێنابووین کە هاوڕێو برادەرەکانمان لەخۆمان خۆشەویستر بێت, بەتایبەت مامۆستا جەمال خاوەنی پەروەردەکردنێکی حزبی زۆر دڵسۆزانەو لەبەرامبەریشدا بەکارهێنانی هەڵسەنگاندنێکی زۆر زانیاریانە بوو کە لەکاتو شوێنو ئاستی خۆیدا بەکاری ئەهێنا شەهیدی سەرکردە بەجۆرێك خەباتی ئەکرد لەوسەردەمە دژوارەدا باوەشی بەهەموو کوردستاندا کردبوو, چوبووە ناو هەموو ماڵو خێزانو لەهەموو شارو دێو شارۆچکەکانی کوردستاندا کەسانی دڵسۆزو لێهاتووی بەدی ئەکردو زۆر دانایانە, پەیوەندیی پێوەئەکردو وەکو ئەندازیارێکی لێهاتوی ڕێکخستن, لەشانە نهێنیو ئەڵقەرۆشنبیریو دەستە جیاوازو پێویستەکاندا, ڕێکیئەخستنو سەرپەرشتیو ڕێنمایی پێویستی لەکاتی خۆیدا ئەکردن, هەر لەگەڵ دروستبوونەوەی شۆڕشی نوێخوازی گەلەکەماندایەکسەر مامۆستا جەمال ئەڵقەی پەیوەندیی خۆی دروست کردو بەردەوام نامەی ڕێنمایی ئاڵو گۆڕ ئەکردلەگەڵ سەرکردایەتی, تەنانەت خۆی سەرپەرشتی دەستەچەکدارەکانی ناوشاری ئەکرد لەگواستنەوەو شاردنەوەو پەیداکردنی جێگاو شوێن لەناوشاردا کەلە سەرەتادا بەزۆری هەڤاڵی شەهید جەمالە ڕەشو دەستەکەی ئەهاتنە ناوشار, لەهاوڕێ بەهیمەتەکانی لەوکاتەدا, عەبدولخالق هەورامیو کاک حەمە ڕەشید شارەزووریو مامۆستا شێخ محەممەدە سوورو عەبدوڵڵای حاجی سەعید و کاك حاجی سلێمان خەراجیانیو کاك حەمەنوریو سەلیم سەرسپیو حەمە سورو ئەمین شەوکەتو چەندی تر, مامۆستا تاهیر دووجار زیندانی کرا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانیەوە لەوکاتەدا بەڕاستی لەوەشدا سەرکردەو پاڵەوانی خۆڕاگر بوو لەکاتێکداو لەجاری دووەمدا, پیاوەکانی ئەمنی ڕژێم بەئاشکرا گەیشتبوونە قەناعەت کە ئەمە هاوڕێ سەرکەوتەو بەرپرسی یەکەمی ڕێکخستنەکانی ناوشارەو بە ئەوپەڕی دڕندانە ئازاریان دابوو لە چلەی زستاندا, لەناوسەردابێکی ناوئاودا دایان نابوو, وە هەردوو جارەکە بەلێبووردنی گشتی ڕزگاری بوو, کاتێکیش هاتەدەرەوە لەوچلەی هاوینەدا لەبەرخۆر دائەنیشت, هێشتا هەرسەرمای بوو, بەم هەموو کردەوە جوانو پڕ لەسەروەرییەو هەستو سۆزە شۆڕشگێڕییە بە نرخەو بەوهەموو ڕەوشتە بەرزەی شەهیدی سەرکردە لە خۆنەویستیو خۆ بەزل نەزانینو حساب نەکردن بۆ هیچ جۆرە بەرژەوەندییەکی خۆی کە لەوکاتەدا, لە خانوویەکی کرێچیدا بوو لە گەڕەکی (بەرانان), نزیك شەخسەکەی ئابلاخ, بەڵام زۆر سەربەرزانەو بەقەناعەتەوە کاری ئەکردو ملکەچ بوو بۆ هەموو پێشنیازو ڕەخنەیەکی هاوڕێکانیو بەچاوێکی زۆر دڵسۆزیو بەهیوای پاشەڕۆژو بێ جیاوازیو هەریەکە لەئاستی تواناو بۆچوونی خۆیدا, مامەڵەی لەگەڵ ئەکردن کە بەتەواوی بە پێچەوانەی زۆر لە بەرپرسەکانی ئێستا بوو, بازی بەسەرخەباتو توانای هیچ هاوڕێیەکیدا نەئەدا بۆ کەسانی خزمو ناسیاوی. وە زۆر بەوردی و لە دوای بەکارهێنانی ئەزموونێکی سەرکەوتوو, کەسانی شیاوی لەشوێنی شیاو ولەجێی خۆیدا بەکار ئەهێناو کەسی بەسەرکەسدا نەئەسەپاند , هەموو زاناییو وردەکارییەکی بۆ چەسپاندنی بەرنامەکانی ڕێکخستنو پتەوکردنی ئۆرگانەکانی بوو بناغەیەکی زۆر پتەوو خاوەن ئەزموونو لێهاتوویی کادرە دەرچووەکانی ئەم خوێندنگە شۆڕشگێڕییەی هەڤاڵی

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

سەرکردە بووە فاکتەری لەباری جاردانی پێکهێنانی ڕێکخستنی نوێو شۆڕشی نوێ بوو کە ئەنجامەکەی برینی قۆناغەکانی شۆڕش بوو هەر لە دەستەکانی پارتیزانیو دروست بوونی هەرێمەکانو مەڵبەندەکان خاوەنی شوێنی ڕزگارکراو لەسەرخاکی کوردستانو چۆك دادان بە دوژمن, بۆ چەند جار وتووێژ لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕشدا کە پێش چەند ساڵێك بەدوای تاقە ئەندامێك یان شانەیەکی ڕێکخستنەکانی ئەگەڕاو لە ساڵی 1982 توانی جەماوەرو خوێندکاران لە هەموو شوێنەکانی کوردستاندا ڕاپەڕێنێت بەڕووی دوژمندا گەیشتە ئەوئاستەی کەناوی گەلی کورد بەجۆرێکی پێشکەوتوو چووە دەرەوەی وڵاتو بناغەکەی ئەوەندە بەباوەڕو لێهاتوو پشوو درێژ بوو کادرو ئەندامەکانی لەشالاوی دڕندانەی بەناو ئەنفالیش ورەی بەرنەداو لەکاتی خۆیدا, هەرکادرەکانی ئەم شۆڕشە بوون بە هەوێنی ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری کوردستان کە تیایدا کەرکوکی قودسی کوردستانی تیا ڕزگار کراو دواتریش کۆڕەوە مێژووییە چەند ملیۆنییەکەی کوردی تیا تۆمار کرا کە کوردی بەهەموو جیهان ناساندو ویژدانی دنیای هەژاند, بەرامبەر بە سۆزی کوردو دەرکردنی بڕیاری 688 ی نێودەوڵەتی کە بەئاشکرا پشتگیری گەلی کوردی تیا بەدی کراو لە سنووری هێمنیو ئارامدا, ئیدارەی کوردی دامەزرا کە ئێستا جێگای چاودێریو پشتیوانی دەوڵەتانی جیهانو بڕیار بەدەستەکانەو ئاسۆیەکی ڕووناکی پڕ لەئومێدی ڕزگاری و ئازادی هەموو جەماوەری گەلی کوردمانە کە هەڤاڵی سەرکردە هاوڕێ (سەرکەوت)ی نەمر تیایدا داڕێژەری بەردی بناغەو فاکتەری سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە پڕ لەسەروەرییەمان بوو, بۆ هەتاهەتایی هەموو ڕۆڵەکانی گەلی کورد بە نەوەکانی پاشەڕۆژیشەوە هەقە شانازی پێوە بکەینو زۆر بەداخێکی گەورەوە ئەم شەهیدە سەرکردە شارەزا و خەمخۆرەی جەماوەرو هاوڕێکانی, مەرگ بواری بەدرێژەی خەباتی نەداو لە بەرواری 1983/7/14 شەهید بوو بەڵام بۆ هەتاهەتایی یادی لەناوماندا دەمێنێتەوە.

**عوسمان کانی پانکەیی**

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com